**هیتی** تێنەگەیشتووە و  بە یارمەتیی وەرگێڕ لەگەڵ نووسەرە **هیتییە**کاندا قسەی کردووە.

هەروەها **سۆران ح.ڕ** لە لاپەڕەی (٤٤-٤٥)دا کۆمەڵێک وشەی مادیی پەیوەندیدار بە ئەسپی لەگەڵ کوردیی نوێدا بەراورد کردووە. هەرچەند زمانی کوردی بێ هیچ گومانێک پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ زمانی مادیدا هەیە، بەڵام ئەم بەراوردکاریانەی **سۆران ح. ڕ** دروست نین و تەنیا سەیری ڕواڵەتی وشەکان کراوە بێ ئەوەی ڕەچاوی یاساکانی زمانەوانی کرابێت.

ئەمەش هێندێک لەو وشەگەلە کە لە لاپەڕە ٤٤ی کتێبی **مێژووی بزر و نەگێڕدراوەی کورد**دا هاتوون:

| وشە مادییەکان | وشەی بەرانبەر لە کوردیی نوێدا |
| --- | --- |
| aspa-bara (ئەسپ سوار) | aspa-bāra (بارێکە لەسەر پشتی ئەسپ) |
| aspa-sri (خاوەنی ئەسپی جوان) | aspa-saira (خاوەنی ئەسپی سەرسووڕهێنەر) |
| aspa-šuna (قامچیی ئەسپ بەدەست) | aspa-šuāna (شوانی ئەسپ) |
| asp-vaiθana (ئەو کەسەی کە ئەسپ دەناسێت) | aspa-uasēna (کەسێک کە کۆنترۆڵی ئەسپ دەکات، ئەسپ دەوەستێنێت) |

ئەو شکانە پێگەی **ئاهشێریی** لە ناو خەڵکەکەیدا لاواز کرد کە بڕیاریان دا بیکوژن. کوڕەکەی وەلیّ قەبووڵی باڵادەستیی **ئاشوورییەکانی** کرد و بوو بە پادشای نوێی مانایەکان و باجی ساڵانەی بە **ئاشوورییەکان** دا (سوران ح.ڕ ٢٠٢٢: ٢٥٥)».

واتا دیسانەوە لێرەش نووسەر باسی ڕاپەڕینی خەڵک لە دژی فەرمانڕەوایانی گەندەڵ و ترسنۆک ناکات، بەڵکوو بە یەک ڕستەی کورتی «**بڕیاریان دا بیکوژن**» ڕووداوەکە دوایی پێ دێنێت. واتا وەک ئەوەی هیچ ڕاپەڕینێک لە دژی **ئاخسەری** (ئاهشێری) ڕووی نەدابووبێت. لە کاتێکدا دەتوانین بڵێین کە ئەوە بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژوودا کە خەڵکی شارێک، **وەرمەت** (ورمیّ)، لە دژی فەرمانڕەوایەکی خۆیی ڕاپەڕن و پادشا و دارودەستەکەی بە هۆی خیانەت و ڕاکردنیان لە بەرانبەر دوژمندا تێکرا بکوژن.

**لێکدانەوەی هەڵە بۆ ناوە ماننایییەکان:**

**سۆران ح. ڕ.** ناوە **ماننایییەکان**، چ ناوی پادشاکان و چ ناوی ناوچەکان، بەهەڵە مانا کردووەتەوە. بۆ نموونە چاو لەم ناوانەی خوارەوە دەکەین:

**ئێران- زوو:**

**سۆران ح.ڕ.** باسی واتای ناوی «**ئێرانزوو**»ی نەکردووە کە گەورەترین پادشای **ماننا**کان بووە. ئەمە دوو هۆکاری هەیە: یەکەم لە واتای ناوەکەی تیّ ناگات، دووەم وشەی «**ئێران**»ی لەگەڵدایە. **سۆران ح. ڕ** لە لاپەڕەی ١٨٤ی کتێبەکەی خۆیدا لەسەر وشەی **ئێران** ئاوای نووسیوە:

«لە ڕاستیدا، ناوی «**ئێران**» یەکەم جار بە **ئێرانشەهر** لە لایەن ساسانییەکانەوە ئاماژەی پیّ کراوە. بەڵام سەرچاوە ئیسلامییەکانیش ئاماژەیان بە **ئێرانشەهر** کردووە، **ئەلمەقدیسی** (لە ٩٩١دا کۆچی دوایی کردووە) دەڵێت کە **ئێرانشەهر** شوێنێکە لە **نیساپور** (نێشاپووری ئەمڕۆ) و ... (سۆران ح. ر

چ پەیوندییەک لە نێوان butki و baçka دا هەیە؟ ئایا نووسەر دەزانێ کە لە کوردیی کۆن و لە زمانی **پەهلەوی**دا بە بەچکەیان وتووە «vaçk/waçg»؟ چۆن دەکرێ بەرانبەر بە کوڕ، وشەی بەچکە دابنرێت، دەی ئەگەر هات و بەچکەکان کچ بوون چی؟ یان ئەگەر هات و « butki»یەکان (کوڕەکان) تەمەنیان ٤٠ و ٤٥ و ٥٠ ساڵ بوو هێشتا هەر بەچکەن؟

لێکچوونی وشەکان لە ڕواڵەتدا هیچ شتێک ناگەیەنێ ئەگەر بێت و وشەکان نەگەڕێنەوە بۆ یەک ڕیشە و یەک واتایشیان نەبێ. بۆ نموونە وشەی «سایقە» لە کوردیدا واتای ئاسمانی بێهەور و ساماڵ دەدات و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سا و ساماڵ، کەچی «**سائقە** (صاعقە)» لە عەرەبیدا بە واتای هەورەبرووسکەیە و هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، هەر چەند لە ڕواڵەتیشدا لە یەک دەچن.

**٨- eyeps «گرژبوون (بۆ ماسولکە)»، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا:** hez «**وزە، قوەت**»، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).

بە ڕاستی بە سێحر و جادوویش ناکرێت پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا بدۆزرێتەوە.

**٩- haigalli «کۆشک»، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا:** haīkal «**پەیکەر**»، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).

نووسەر نووسیویەتی کە وشەی haigalli بە واتای «**کۆشک**»ە، کەچی بۆ وشە بەرانبەرەکەی لە کوردیدا نووسیویەتی «**هەیکەل**». یەکەم، وشەی هەیکەل واتای کۆشک نادات و بە واتای پەیکەرە. دووەم: **هەیکەل** وشەیەکی عەرەبییە و پەیوەندیی بە کوردییەوە نییە. کە وابوو ئەم بەراوردکارییە بە تەواوی هەڵەیە.

**١٠- han «منداڵبوون»، وشەی بەرانبەری لە کوردیدا:** hān «**هێنان**»، (س.ح.ڕ، ٢٠٢٢: ٢٤٢).

